هاتوچۆی گەشتیاری لە دەروازەی نوودوولەتی باشماخ رادەگیرێت

بەڕێوەبەرایەتی کۆمەڵگای دەروازەی مەرزی نوودوولەتی باشماخ رایگەیاند، لە ئەمشەوەوە هاتوچۆی گەشتیاری لە دەروازە رادەگیرێت، ئەوەش بەهۆی بەڕێوەچونی هەڵبژاردنی پەرلەمانی کۆماری ئیسلامی ئێران.

بەڕێوەبەرایەتی کۆمەڵگای دەروازەی مەرزی نوودوولەتی باشماخ لە راگەیەندراوێکدا باسی لەوەکردوە، "ئاگاداری سەرجەم هاوڵاتیان و گەشتیاران دەکەین کە لەکاتژمێر 12:00ی ئەمشەوەوە هاتوچۆی گەشتیاری لە دەروازەکە ڕادەگیرێت و تا کاتژمێر 7:00ی بەیانی ڕۆژ شەممە 2ی 3ی 2024 بەردەوام دەبێت".

ئاماژەی بەوەشکردوە، راگرتنی هاتوچۆی گەشتیاری لە دەروازەی مەرزی نوودوولەتی باشماخ بۆهۆی ئەنجامدانی هەڵبژاردنە لە کۆماری ئیسلامی ئێران، بەڕێام هاتوچۆی بازرگانی ئاساییە و ڕانا گیرێت.